www.kurdistannet.org
01/07/2002 22:22

# فریدریك ئەنجلس:لە بارەی چالاكی سیاسی چینیكرێكار[1]

و/ سەلام عەبدوڵڵا

دابڕان بە ئێجگاری لە مەسەلەی سیاسەت، كارێكی نەشیاوە. هەموو رۆژنامە لایەنگرەكانی دابڕان لە سیاسەت، خەریكی سیاسەتن. مەسەلەكە تەنیا ئەوەیە، بزانین چۆن و چ سیاسەتێك دەكەین.

جگە لەوانەیش، دابڕان بۆ ئێمە كارێكی نەشیاوە، پارتی كرێكاران، بەوەی حزبێكی سیاسییە لە زۆربەی ولاَتەكاندا هەیەو ئەوە ئێمە نین بە وەباوخستنی دابڕان لە سیاسەت، بیروخێنین. پراكسیسی ژیانی واقیعی[2] و ئەو فشارە سیاسییە كە حكومەتە باوەكان بە سەر كرێكاران سەپاندووە–بۆ مەبەستی سیاسی یا كۆمەلاَیەتی بێ، هیچ جیاوازییەك لە نێوانیاندا نییە– كرێكاران ناچار دەكەن، بیانەوێ یا نەیانەوێت، خەریكی سیاسەت بن.

ئامۆژكاری كرێكاران بۆ دابڕان لە سیاسەت مانای ئەوەیە، بۆ باوەشی چینی بۆرژوا، پالَیان پێوە بنرێ، هەروا دابڕان لە سیاسەت كارێكی یەكجار نەشیاوە، بە تایبەتی پاش كۆمونەی پاریس كە لە خشتەی كارەكاندا، باسی چالاكی سیاسی پرۆلیتاریای هێنایە پێشەوە.

ئێمە دەمانەوێ چینەكان لەناو ببەین. جا ئەو ئامرازە چییە بۆ گەیشتنمان بەم ئارمانجە؟–دەسەلاَتی سیاسی پرۆلیتاریا. ئێستا، كە هەموو لەم بارەیەوە یەكی گرتووە داوای ئەوەمان لێ دەكەن، خۆمان تێكەلّ بە سیاسەت نەكەین! هەموو ئامۆژكەرەكانی دابڕان لە سیاسەت خۆیان ناودەنێن شۆرشگێڕ، تەنانەت بە شۆرشگێڕی رەسەنتر، بەلاَم شۆڕش بالاَترین كاری سیاسییە و ئەوی هەولّی بۆ بدا، دەبێ دان بە ئامرازەكانیشی بنێ، بەو كارە سیاسییانە كە شۆڕش ئامادە دەكاو كرێكاران لە پێناوی شۆڕش پەروەردە دەكا، بەبێ ئەوانە، ئەمسالّی فافر و بیا لە رۆژی دووهەمی پاش جەنگ، بە بەردەوام فرتوفێل لە كرێكاران دەكەن. ئەمما ئەو سیاسەتە كە دەبێ پەیڕەوی بكەین، سیاسەتی كرێكارییە. نابێ حزبی كرێكاری ببێ بە كلكی ئەم یا ئەو حزبی بۆرژوایی، بەلّكو دەبێ وەك حزبێكی سەربەخۆو پێكبێ وخاوەن ئارمانج و سیاسەتی تایبەتی خۆی بێت.

ئازادییە سیاسییەكان، مافی كۆبوونەوەو كۆمەلّەكان، ئازادی لەچاپدان و بلاَوكردنەوە، – ئەمە چەكەكانمانە، داخۆ دەتوانین، دەست بە ئەژنۆ راوەستین، لە سیاسەت دابڕێین ئەگەر ویستیان ئەم چەكانە لە دەستمان بستێننەوە؟ دەلّێن هەر چالاكییەكی سیاسی، واتا دانپێنان بە سیستێمی باو، بەلاَم ئەگەر ئەم سیستێمە، ئەو ئامرازەمان پێدەدا، لە دژی باودا پرۆتێست بكەین، ئەوا بە كارهێنانی ئەم ئامرازانە، مانای دانپێنان بە سیستێمی باو نییە.

Karl Marx/Friedrich Engels, band17, 1962,berlin, S416-417, Dietz Verlag, Berlin

---

[1]/ وتاری ئەنگلس وەك خۆی دەستنووسی كردووە لە كۆنگرەی كۆمەلّەی كارگەرانی جیهانی لەندەن لە ٢١ی ئەیلول.١٨٧١. كۆنگرەی لەندەن رۆلّی گەورەی گێڕا لە سەرخستنی پەرەنسیپی حیزبایەتیپرۆلیتاریا بە سەر ئۆپۆرتۆنیستی ئەنارشیستەكان(ئەم تێبینییە، بە كورتی وەرمگێڕاوە)

[2]/ تێبینی وەرگێری بۆ كوردی: ...Die Praxis des wirklichen Lebens چۆن بەم شێوەیە وەرگێردرێ: (äÇæ ÇáÇÊÍÇÏ ÇáÚÕÑíÉ). ئەم ووتارە لە رووسییە بۆ عەرەبی وەرگێڕاوەو لە ãÎÊÇÑÇÊ Ýí ÇáÇÔÊÑÇßíÉ¡ ÇáÏÇÑ ÇáÚÑÈíÉ¡ لاپەڕەی٢٠٩–٢١٠بلاَوكراوەتەوە.